گـــــۆڤـــــاری زانـــــكـــۆی ڕاپـــــەڕیـــــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/8fc2j121

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 04/02/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 22/05/2024
ڕێــكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# تیۆری چێوەڕێژەکان

**بێری یاسین حسین[١] - صباح رشید قادر[٢] - عاتف عبدالله فرهادی[٣]**
beri.hussein@su.edu.krd dr.sabahrashed@yahoo.com atif.farhad@su.edu.krd
[١]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢+٣]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە پشت بە "تیۆری چێوەڕێژەکان-Tagmemic Theory" دەبەستێت، کە لەلایەن "پایك"ەوە پەرەپێدراوە (1967، 1977، 1982)، ئەو تیۆرە ناوەکەی لە چەمکی"تاگمیم-Tagmeme"ەوە وەرگرتوە، کە لە سەرەتادا لەلایەن "بلۆم فیلد-1933" بەمەبەستی جیاوازتر بەکارهاتوە، "تیۆری چێوەڕێژەکان" لەسەر چەند گریمانەیەکی تیۆری دامەزراوە. زمان لە ڕوانگەی ئەم تیۆرە، وەك پێرەوێك بەشێکە لە پێرەوی گشتی ڕەفتاری مرۆڤ ( system within the whole system of human behavior)، "پایك" جەخت لەسەر پێویستیبونی تیۆرێکی یەکگرتو دەکاتەوە، کە هەردو لایەنی زارەکی و نازارەکی ڕەفتاری مرۆڤ وەك چالاکییەکی یەکگرتو لەخۆبگرێت، "تیۆری چێوەڕێژەکان" وەك تیۆرێکی ئەرکی شیکاری زمان، زمان وەك پێرەوێك سەیردەکات، کە یەکەکانی بەیەکەوە بەستراون.
" تاگمیم" وەك یەکەیەکی زمانی لەدو بەش پێکدێت: (چاڵ) و (پرکەرەوە)، چاڵ ئەو ئەرکەیە، کە بە "تاگمیم"ێك پڕدەکرێتەوە لە یەکەی زمانی گەورە وەك ڕستە و پەرەگراف، پرکەرەوەش ئەو یەکە زمانییانەن، کە چاڵە ئەرکییەکان پڕدەکەنەوە، وەك: (ناو، کردار، دەستەواژە..).
گریمانەیەکیتری ئەم تیۆرە ئەوەیە، زمان لەخودی خۆیدا بەشێوەی هەرەمی ڕێکخراوە، سێ جۆر لە هەرەمی هاوکات و هاوتەریب hierarchies simultaneous and parallel ) لە زماندا هەیە کە ئەوانیش: (هەرەمی دەنگی hierarchy) Phonological) و هەرەمی ڕێزمانی (Grammatical hierarchy) و هەرەمی ئاماژەیی یان سەرچاوەیی Referential hierarchy)ن ، ئەو سێ هەرەمە هاوکاتن لەگەڵ یەکتر بەوەی هەریەك لەو سێ هەرەمە لەهەمان کەرەستەی هاوبەشەوە سەرچاوە دەگرن، مەبەست لە هاوتەریبی ئەو ئاستانەی ڕێزمان ئەوەیە: هەرچەندە بەیەکەوە بەستراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئاستێك سەربەخۆ لەوانیتر خاوەنی زاراوە و یەکەی تایبەت بە خۆیەتی، "تیۆری چێوەڕێژەکان"، ڕێگایەکی شیکاری زمانی بەهێزە، دەتوانرێت بۆ شیکارکردنی هەمو جۆرەکانی زمان بەکاربێت لە سادەوە بۆ ئاڵۆز.
**کلیلە وشەکان:** پێگە و پرکەرەوەکان، هەرەمی فۆنۆلۆجی، هەرەمی ڕێزمانی، هەرەمی ئاماژەیی، یەکەی ئیمیك، یەکەی ئیتیك.

# Tagmemic Theory

**Beri Yaseen Hussein [1] - Sabah Rashid Qadir [2] - Atif Abdullah Farhadi [3]**

[1]Kurdish department, College of basic education, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
[2+3]Department of Kurdish Language, College of language, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research which is entitled (Tagmemic Theory), Tagmemic is a Theory of language developed by American Linguist “Kenneth L. Pike” in the beginning of 1950. It is a Functionalist approach to language analysis that views Language as a system of interrelated parts, or Tagmemes. A Tagmeme is a unit of Language that Consist of two parts: a (Slot) and (Fillers). The Slot is the Function that the Tagmeme fills in a larger unit of Language, such as a Sentence or Paragraph.

This theory is based on certain assumptions and principles, chief among which is the assumption that language is an integral part of man's total behavior, Language occurs in context.

The filler is the specific form that can occupy the slot, such as a noun, verb, or phrase. Tagmemics is a Hierarchical Theory meaning that tagmemes can be combined to form larger Tagmemes, and it consists of units within units. Smaller units are contained in larger ones in hierarchical levels.

for example a noun phrase, which is a Tagmeme itself, can fill the Slot of Subject in a sentence, which is a larger Tagmeme. Tagmemics is a powerful tool for analyzing language because it can be used to describe the structure of languages of all types, from simple to complex.

Keywords: Slot and Fillers, Phonological Hierarchy, Grammatical Hierarchy, Referential Hierarchy, Emic unit, Etic unit

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە لە دو بەش پێکهاتوە بەشی یەکەمی بریتییە لە چەند بابەتێکی تیۆری دەربارەی پەیدابون و پەرەسەندن و چەمك و زاراوەی پەیوەست بە "تیۆری چێوەڕێژەکان"و گریمانەی" تیۆرەکە دەربارەی زمان بەگشتی و شیکردنەوەی ڕێزمانی یەکەکانی زمان بەتایبەتی، کە لە چەند سەرە بابەتێك پێکدێت وەك: (سەرەتای پەیدابون و پەرەسەندی "تیۆری چێوەڕێژەکان"، زمان لە ڕوانگەی پەیڕەوکەرانی ئەو تیۆرە، بیرۆکەی وروژاندن و کاردانەوە لای ئاخێوەر، چەمکی یەکەی "ئیمیك" و یەکەی "ئیتیك"....)، بەشی دوەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕو و شیکردنەوەی پەیوەندی هەرسێ ئاستەکانی (دەنگ و واتا و ڕێزمان) لە سنوری هەرەمی ڕێزمانی زماندا (لە ڕوانگەی پەیڕەوی تیۆری چێوەڕێژەکان)هوە. کێشەی ئەو توێژینەوەیە خستنەڕوی تایبەتمەندی و گرنگی تیۆرێکی نوێی زمانەوانییە "تیۆری چێوەڕێژەکان" بە بیرۆکە و زاراوەی تایبەتەوە لەژێر ڕۆشنایی بیروڕاکانی"پایك"، گرنگی ئەو توێژینەوەیە لە ئاشناکردنی خوێنەرانی کوردە بە تیۆرێکی نوێی زمانەوانی و جێبەجێکردنییەتی لەسەر زمانی کوردی، ئامانجی ئەو توێژینەوەیەش جێبەجێکردنی بنەماکانی "تیۆری چێوەڕێژەکانە لە شیکردنەوەی ڕێزمانی یەکە زمانییەکان بەگشتی و ڕێزمانی دەق بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا.

**بەشی یەکەم:**

**سەرەتایەك دەربارەی تیۆری چێوەڕێژەکان**

**1-1.سەرەتا:**

تیۆری چێوەڕێژەکان یەکێکە لەو تیۆرە زمانەوانییانەی دوای سەردەمی "بلۆمفیلد"لەنێوان ساڵانی(1930-Bloomfieldian Period1950)[i] سەریانهەڵدا و بڵاوبونەوە، هەندێك لەو بڕوایەدان سەرەتای بیرۆکەی ئەم تیۆرە بۆ زمانەوانان (بنجامین ئیلسون Benjamin Elson و ڤیلما پیکیتVelma Pickett دەگەڕێتەوە[ii]" دواتر لە لایەن زمانەوانی ئەمەریکی "کینیس پایك "(Kenneth L. Pike) لەنێوان ساڵانی(1954-1960)پەرە بەم بیرۆکەیە درابێت، وەك تیۆرێك لەبواری زمانەوانی بەگشتی و شیکردنەوەی دەق بە تایبەتی کاری لەسەر کرابێت، هەندێکیتر لەو بڕوایەدان زانا "کینیس پایك-Kenneth-L Pike" بۆ یەکەمجار لە سەرەتای پەنجاکان لە کتێبی Language in Relation) to a unified theory of the structure of Human Behavior) ، بیرۆکەی تاگمیمی خستۆتەڕو و دواتر پەرەی بەم تیۆرە داوە و هەریەك لە زمانەوانان (ڕۆبێرت لۆنگاکر-Robert E. Longacre) و (بینجامین ئێلسۆن Benjamin Elson) و (ڤێلما پیکێت Velma Pickett) و (واڵتر کوكWalter A Cook)، لە دیارترین ئەو زمانەوانانەن، کە پشتیان بەم تیۆرە بەستوە لە توێژینەوە و بڵاوکراوە زمانەوانییەکان بەکاریانهێناوە. لەلایەن پەیمانگای( Summer Institute of Linguistics) بۆ زمان و زمانەوانی بەکارهاتوە، کە "پایك" ئەندامی سەرەکی بو لەو پەیمانگایە و کاریان وەك موژدەبەر گەیاندنی پەیامی کتێبی پیرۆزی ئینجیل بو(The Service of Evangelism).

لە دەوروبەری ساڵانی(1957)بەدواوە چەند تیۆرێکی نوێی زمانەوانی سەریانهەڵدا، زمانەوانان بە (تیۆرەکانی دوای بلۆمفیلد Post Bloomfieldian Theories)[iii] ناویاندەبردن، تیۆری چێوەڕێژەکانیش یەکێك بو لەو تیۆرانە و لەسەردەمی ئێستادا شیکردنەوەی چێوەڕێژی بۆتە یەکێك لە سیستەمە شیکارییە گەورەکان لە زمانەوانی نوێدا)(Robins R.H. 1989:27).

ئەم تیۆرە وەك وەڵامدانەوەیەك بو بۆ هەڵوێستی مژدەبەرەکان، (کە لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیان پەیڕەوی ڕێزمانی کۆنی گریکی و لاتینیان دەکرد، ئەمەش وایکردبو زمانێکی نافەرمی و نەگونجاو دروست بکەن و زمانێکی وا وەکو ڕەگەز بۆ

هیچ زمانێك نەگەڕێتەوە، لە لایەن خەڵكانێك هاتەکایەوە پەیوەستدار نەبون بەو زمانە، ئەمەش وایکرد بۆ خۆدەربازکردن لەو زمانە نەگونجاوە نافەرمییانە بەدوای زمانێکی زیندو بگەڕێن، بەمەش شیکردنەوەی تاگمیمی هاتەکایەوە، کە ڕێگایەکی شیکردنەوەی خستەڕو لەڕوی زمانییەوە ساکار و دەوڵەمەند بو و هەندێ زمانی خستە بەر تیشکی ڕوانین، کە پێشتر وردبینی زمانەوانی بۆ نەکرابو، وەك زمانی هیندیيە سورەکان و زمانە ئەفریقاییەکان و هەندێ زمانی هەمەکی (عامی)ئوستورالی و لە لێکۆڵینەوەکاندا پەیڕەوی ڕێبازی (تاگمیمی)کرا) (صباح رشید 4:2016).

ڕاستە بۆچونەکانی پایك زیاتر لە خزمەتی ئەو زمانانەدا بو، کە تۆمارنەکرابون، بەڵام لەهەمان کاتدا بەهۆی گرنگی بیرۆکەکەی "پایك" لە بواری شیکردنەوەی زمانی بەگشتی و ڕێزمانی دەق بە تایبەتی بەجۆرێك گرنگیپێدرا، کە وەك تیۆرێکی گشتی ڕێزمان و زمان بۆ زۆر لە زمانەکانی دونیا بەکارهات، بەتایبەت لەلایەن زمانەوانە ئەمەریکییەکان و نازناوی (تیۆرێك بۆ هەمو شتێك/The Theory of everything)ی وەرگرت، وەك سیستەمێکی شیکاری تەنها بۆ زمان نییە، بەڵکو بۆ هەمو ڕەفتارەکانی مرۆڤە، کە تایبەتمەندی بەچێوەکردنی تێدا پیشاندراوە، بەڵام ئەوەی لە زمانەوانی مەبەستە تەنها شیکردنەوەی زمانییە لەچوارچێوەی ئەم تیۆرەدا.

"پایك" وای دەبینێت بیرۆکەکان درکپێکراو نابن و ناتوانرێت لێیان تێبگەین، تاوەکو نەخرێنە سیستەمێکی باش و پێکهاتەیەك، کە بە ڕێزمان[iv] ناسراوە، ئەم سیستەمەی تیۆری چێوەڕێژەکان جیا لە سیستەمەکانیتری شیکردنەوەی ڕێزمان و زمان، (یەکەی بنەڕەتی ڕێزمانی وەك توخمە پێکهێنی سەرەکی شیکارکردن ناساندوە، کە (تاگمیمەکان)ن و وای دەبینێت شیکردنەوەی زمانی بەواتای دەستەیەك لە لێکۆڵینەوە دێت بۆ وەسفکردنی زمان، کە پشت بە یەکەیەکی ڕێزمانی بنەڕەتی دەبەستێت بە (تاگمیم) ناودەبرێت، ئەم یەکەیەش لە نێو پێکهاتەیەك دێت لەشێوەی زنجیرەدایە(Syntagmeme)، کە دەکەوێتە ئاستی دیاریکراو لە ئاستە سینتاکسییەکاندا)(Cook, W.A.13:196).

سیستەمی شیکاری چێوەڕێژەکان ئێستا یەکێکە لە سیستەمە سەرەکییەکانی شیکاری لە زمانەوانی مۆدێرندا، "پایك" لە زۆر لە توێژینەوە زانستییەکان و کتێبەکانی باس لە یەکەی(تاگمیم) دەکات و ئاماژە بە پێویستی ناساندنی ئەو یەکە لە شیکردنەوە زمانییەکان دەکات، بەتایبەت لە هەرسێ کتێبەکەی:

- شیکردنەوەی ڕێزمانی -Grammatical Analysis
- چەمکە زمانەوانییەکان "دەروازەیەك بۆ ناساندنی تیۆری چێوەڕێژەکان

-Linguistic Concepts "An Introduction to Tagmemics”

- چێوەڕێژکردن"ئاخاوتن و هونەری زارەکی –Tagmemics Discourse and Verbal Art "

"پایك"بنەماکانی ئەم تیۆرە و چۆنییەتی بەکارهێنانی لە شیکردنەوەی یەکە زمانییەکان لەو سێ کتێبە بە وردی باسکردوە و نمونەی شیکارکراوی بۆ بۆچونەکانی هێناوەتەوە، ("پایك" لەم تیۆرەدا شیکردنەوەی دەق و شیکردنەوەی ڕستە لێکنزیك دەکاتەوە، کە بە تیۆری یەکەی چێوەڕێژی ناسراوە، ئەو چوارچێوەیەش چێوەیەکی زەینی مەزەندەکراوە، ئەو یەکە چێوەڕێژانە لە دوتۆی تیۆرەکەدا بەسەر چوار یەکەدا دابەش دەبن ئەو چوار یەکەیەش بریتین لە: پێگە(چاڵ-slot)، (ڕۆل-role)، (پۆل-class)، (دەقبەستی-cohesion)، ئەمەش تاڕاددەیەك بەسەر گشت زمانەکانی دونیادا دابەشدەبن و جێبەجێ دەکرێ، ئەو یەکە چێوەڕێژانە بە(Tagmeme) ناودەبرێن، کە پەیوەندی ئەو چوار یەکەیە پەیوەندییەکی ئەرکییە و لەسەر بنەمای ئەو چاڵەی پڕی دەکەنەوە، حوکم لەسەر چۆنییەتی دەرکەوتنی یەکەکە دەدەن)(صباح رشید8:2016).

### 2-1.زمان لە ڕوانگەی پەیڕەوکەرانی تیۆری چێوەڕێژەکان:

"بلۆمفیلد" لە کتێبی (زمان-Language)بەو جۆرە پێناسەی زمان دەکات(لە ئاخاوتنی مرۆڤدا دەنگە جیاوازەکان مانای جیاوازیان هەیە، لێکۆڵینەوە لەم هەماهەنگییەی ئەو دەنگانە لەگەڵ یەکتر بە مانای دیاریکراو بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە زمان)(Bloomfield, L.1938:4).

زمان لەڕوانگەی پەیڕەوکەرانی تیۆری چێوەڕێژەکانیش جۆرێکە لە چالاکی(Action) "پایك" زمان وەك جۆرێك لە ڕەفتار(The Kind of Behavior)پێناسە دەکات و دەڵێت:(زمان ڕەفتارە و جۆرێکە لەجۆرەکانی چالاکی مرۆڤ، کە ناکرێت لە کرۆکدا بە دابڕاوی لە چالاکییە نازمانییەکانی مرۆڤایەتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و هەر پەیڕەوێکی گەیاندن یاخود پەیوەندیکردن، دو لایەن لەخۆدەگرێ، لایەنێکی زمانی(زمانی گوتن) و لایەنێکی نازمانی(ئاماژە، هێما، وێنە، هێما نازمانییەکان)(Pike, K.L.1967:25).

تیۆری چێوەڕێژەکان بەپێی گریمانەو بنەمای تایبەت کاردەکات، گرنگترینیان ئەوەیە، (کە زمان بەشێکە لە ڕەفتاری مرۆڤ و لێی جیانابێتەوە (language is an integral part of human's total behavior)، زمان لە دەوروبەر بەکاردێت و لەیەکە لەناو یەکەیتر پێکدێت، یەکە بچوکەکان دەبن بە بەشێك لە یەکە گەورەکان لە ئاستی هەرەمیدا، گریمانەی هەرەمی ڕێزمانیش وایکردوە تیۆری چێوەڕێژەکان بە شێوەیەکی تایبەت و بەرفراوان بۆ شیکردنەوەی دەق دەست بدات)(Shehdeh, I. F. 1988:33).

"پایك" باس لە زمان دەکات وەك ڕەوشتێك کە ناکرێت بە دابڕاوی لە ڕەوشتەکانیتری مرڤ لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و دەڵێت: (لە یارییەکی بەکۆمەڵدا بەشداربوان لەژێر دارێك دەست دەکەن بە گۆرانی وتن، دواتر هەمان پارچە مۆسیقای گۆرانییەکە دوبارە دەکرێتەوە، بەڵام وشەکان بە ئاماژەیەکی خێرا دەگۆڕدرێن، کە تیایدا دەستەکان بۆ دەرەوە درێژدەکرێن، لە بێدەنگییەکی دورودرێژدا. ئەم چالاکییە بەردەوام دەبێت بە گۆڕینی ئاماژەیەك بەیەکێکیتر، وەك لێدانی سەر سینگ و دەستلێدان لەسەر، لەبری گۆکردنی وشەکان و دواتر دوای کۆمەڵێك ئاماژە و گۆڕینەوەی وشەکان بە ئاماژەی جیاواز، کە بە گونجاوی لەگەڵ کاتی سەرەکی گۆرانییەکە ئەنجامدەدرێ، ئامادەبوان وەك یەکەیەکی یەکگرتو سەیری دەکەن، کە لە سەرەتا و ناوەراست و کۆتایی پێکدێت و بەهەمو بەشەکانییەوە یارییەکی یەکگرتو پێکدێنن و ئەگەر تێبینی وردی ئەو یارییە بکەین بە وشە و ئاماژەکانییەوە یەکەیەکی بەیەکەوە لکاو لە ئەدهێژن(Adhesion) دەردەکەون (Pike, K.L.1967:25)، ئەم ڕوانینەی" پایك" بۆ زمان چەند ڕاستییەکی تیۆری دەخاتەڕو:

1- زمان وەك جۆرێك لە ڕەفتاری مرۆڤ سەیر دەکرێت.
2- زمان لە ڕوانگەی دەوروبەر و لە چوارچێوەی ڕەفتاری تاك بە گشتی سەیردەکرێت.
3- تیۆری گونجاو بۆ زمان ئەو تیۆرەیە، کە بۆ جۆرە جیاوازەکانی ڕەفتاری مرۆڤ و پەیوەندیکردنە زارەکی و نازارەکییەکان بەکاربێت، وەك تیۆرێکی گشتی زمان.
4- ڕەفتاری مرۆڤ یاسا بۆ دارێژراو و ڕۆنانییە نەك هەڕەمەکی.( Waterhouse, V. G.1974:6 ).

"پایك" لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە زمانەوانان بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان پێویستە هەریەك لە لایەنی زمانی و نازمانی بەیەکەوە وەك یەك پێکهاتە سەیربکەن و پێویستە تیۆرێکی یەکگرتو و زاراوەی یەکگرتو و پرۆگرامی یەکگرتو بۆ ئەم مەبەستە ئامادەبکرێ، بەجۆرێك دەکرێ لەهەر چالاکییەکی ئاڵۆزی مرۆیی دەستپێبکات لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی چالاکییە پلەدارەکان. هەریەك لە چالاکی زمانی و چالاکی نازمانی هەندێکجار وەك لەبریتییەکی ڕۆنانی بۆیەکتر بەکاردێن لەڕوی ئەرکەوە، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیە گرنگە لایەنی شیکردنەوەی یەکە زمانییەکانە لە پەیوەندیکردندا.

### 3-1.چالاکی زمانی بیرۆکەی وروژاندن و وەڵامدانەوە/کاردانەوە(Observer-Reaction):

"پایك" ئاخێوەر بە تێبینیکەر یان چاودێریکەرObserver ناودەبات و بەڕای ئەو هەر تێبینیکەرێك کاردانەوەReactionی جیاواز لەوەیتری دەبێت، بەهۆی ئەو جیاوازییانەی لای هەر تاکێك هەیە، کە بە هێزی ناوەکی ئاراستەکەر لە ئەزمون Dynamic Vectors of Experienceناوی دەبات و لەمانە پێکدێت:

1-ژیاننامەی کەسی Biography

2-پەیڕەوی بیروباوەڕ Belief Systems

3-پەیڕەوی سۆزداری Emotional Systems

4-پەیڕەوی هەڵسەنگاندنی خودی Value Systems .(Pike, K.L.1982:10)

لای زمانەوانە ڕەوشتکارەکان کاردانەوە(reaction) لەئەنجامی وروژێنەر (Stimulator)ەوە دەبێت و بە هێمای($S\longrightarrow R$)ئاماژەی پێدەکەن، بەڵام لای "پایك" وەڵامدانەوە بەستراوەتەوە بە لایەنیتر جگە لە وروژینەر و ئەو لایەنانە بەشدارن لە دروستبونی هەر وەڵامدانەوەیەك، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هێزە ئاراستەکەرەیە، کە چوارچێوەیەکی فکری ناوەکی پێکدێنێت و ئەو چوارچێوەیەش بەشدارە لە ڕێکخستنەکانی هەر وەڵامدانەوەیەك، "پایك" ئاخاوتن بە (statement) ناودەبات و بەمجۆرە وەسفی دەکات (Pike, K.L.1912:2)، واتە هیچ ئاخاوتنێك یان لێدوانێك کاریگەر نابێت و بەڕاست وەرناگیرێت، مەگەر پێش ئەو لە بیرکردنەوەکانی قسەکەردا کۆمەڵێک بیروباوەڕی بنەڕەتی هەبێت کە بە توندی هەڵیگرتوە و کاردەکاتە سەر ئەو لێدوانە، بەڵام ناتوانێت بیسەلمێنێت، ئەمەش بیروڕاکانی "پایك" لە زانایانی Cognitive Semanticنزیکدەکاتەوە، وەك: (پیك peck و ئاریتی Arieti و کیلیKelly)، بەهۆی ئەوەی لای هەریەك لە "پایك" و "ئاریتی" وەڵامدانەوە ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە بیرۆکە تایبەتەکان(ارون بيك2007:44)، کە بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکەن:

ڕوداو(الحدث)⟵ بیرۆکەی تایبەتەکان(الافكار الخاصة) ⟵وەڵامدانەوە(الاستجابة)

### 4-1.چەمکی یەکەی ئیمیك و یەکەی ئیتیك:

"پایك" بیری لە ئەگەری بونی یەکەیەك دەکردەوە لێکچوی دەنگ بێت لەڕێزماندا لە ئاستی وشەدا، "پایك" ئاماژە بەوە دەکات، کە (هەریەك لە زاراوەی(Etic) و (Emic)ی لە وشەی(Phonemic)و (Phonetic)داڕشتوە، بەپێی بەکارهێنانی زمانی ئاسایی ئەم زاراوانەی دوایی. کورتە زاراوەکان بە هاوشێوەیی بەکاردەهێنرێن، بەڵام بۆ مەبەستی گشتگیرتر)(Pike, K.L. and Pike, E.G 1982:87)

"پایك" لایەنی زمانی بە(Emic Unit) ناودەبات و بریتییە لەو پێکهاتەیەی لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی لۆجیکی دەبینرێت یان لە ڕێگەی پێکهاتەیەك لەچوارچێوەی سیستەمێکی گشتیدا، لەگەڵ شێوەی لێکچون و جیاوازی و جۆراوجۆری لەدابەشبون بۆ دەستە و زنجیرە و سیستەمی گشتی دەق، ئەو یەکانە لای "پایك" لە سێ ئاستی سەرەکی باسیان لێوە دەکرێت (ئاستی فۆنۆلۆجی، ئاستی ڕێزمان، ئاستی واتا)، لای "پایك" ئەوانە زنجیرەی بچوکن و یەکەی گەورەتر پێکدەهێنن، کە بە (Hierarchy)ناویان دەبات.

هەرچی یەکەی ئیتیکە(Etic)، "پایك" ئەم زاراوەیەی لە (Phonetic)وەرگرتوە، (کە بریتییە لەو پێکهاتە زمانییەی ئەندامێکە لە پۆلینکردنێکی گشتی، بێ ئەوەی پەیوەندی بە هیچ سیستەمێك هەبێت، واتە بەر لە زانیاری تەواو دەربارەی سیستەمەکە بە گشتی، (یەکەی(Etic)شێوەیەك یان فۆرمێکی فیزیکی بە یەکە ئەرکییەکان دەبەخشێ، بە واتای ئەوەی

ژینگەیەکی فۆنەتیکی بە(Emic)ەکان دەبەخشێ)(صباح رشید2016:3)، چەمکی یەکەی (ئیمیك) و یەکەی (ئیتیك) پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانەکەوە هەیە، (بۆچونی (ئیمیك) بۆچونی قسەپێکەری ڕەسەنی زمانە دەربارەی یەکە زمانییەکان و پەیوەستە بە سیستەمی ناوەکی زمانەوە، هەرچی بۆچونی(ئیتیك)ە بریتییە لە دیوی دەرەوەی سیستەمە زمانییەکە)(Muqit, A.2012:7)، بۆنمونە ئەگەر لە ئاستی وشەدا هەریەك لە وشەکانی (Aid)و(Assist)وەربگرین، ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین ئەو دو وشەیە هەرچەندە لەڕوی بابەتییەوە لەیەکتر جیاوازن، بەڵام لەهەمان کاتدا دەکرێ لەهەمان دەوروبەر لەبری یەکتر بەکاربێن، ئەوەی ئەو دو وشەیە لەڕوی ڕێزمانەوە یەکسان دەکات ئەو دەوروبەرەیە، کە تیایدا دەردەکەون، ئەو دو وشەیە لەڕوی یەکەی (ئیتیکی)یەوە لەیەکتر جیاوازن، بەڵام لە ڕوی (ئیمیکییەوە) یەکن. ("پایك" بەشێوەیەکی سەرەکی بچوکترین یەکەی(ئیمیکی) بە (Grameme) ناودەبرد، بەڵام دواتر ئەو زاراوەیەی گۆڕی بە (Tagmeme)، کە ئاماژەیە بۆ یەکەیەکی گشتگیرتر، ئەویش ئەو یەکە زمانییەیە، کە لە زمان و زمانەوانیدا بە ئەرکی جیاواز بەراورد دەکرێن، بەوێنەی (فۆنیم و مۆرفیم)، کە هەریەکەیان بە ئاستی جیاواز و بە ئەرکی جیاواز لە زمانەوانیدا دەردەکەون. دەکرێ بوترێ کەوا زاراوەی(Emic) چەمکە نابەرجەستەکەی یەکە ئەرکییەکان دەگەیەنێ)(صباح رشید2016:3)، "پایك" لە کتێبی (Grammatical analysis1982)کاتێك ئاماژە بە یەکەی(ئیمیك) و یەکەی (ئیتیك) دەدات، لە دەروازەی فەرهەنگییەوە بۆ یەکەکان چوە بەبێ گوێدانە لایەنی کۆمەڵایەتی زمان لە دیاریکردنی ئەو یەکانە، بەڵام دواتر لە کتێبی (Linguistic Concepts an Introduction to Tagmemics)، شیکردنەوە و تێڕوانینەکانی بۆ زمان بە گشتی و یەکە ڕێزمانییەکان (تاگمیمەکان) بە تایبەتی لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەش دەکات، هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە، کە تێڕوانینی گشتی"پایك" بۆ زمان هەر لە سەرەتاوە دیدگایەکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتوە بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی مەعریفی زمان لە مێشکدا، ئەمەش بە ڕونی لە کتێبی (Language in Relation to Unified Theory of The Structure of Human Behavior1967) دەردەکەوێت.

بەبۆچونی "پایك" هەر یەکەیەکی زمانی بە (ئیتیك)دەژمێردرێ بەگوێرەی یەکەکانیتری هەمان ئاست (ڕستە لەگەڵ ڕستە)(وشە لەگەڵ وشە)...، هەر چێوەیەکیش یەکەیەکی (ئیمیکی)یە و هەر یەکەیەکی (ئیمیك)ی ئەم لایەنانەی خوارەوە لە وێنەی(1-4)لەخۆدەگرێ:

| | |
|---|---|
| Slot/پێگە | Class/پۆل |
| Cohesion/دەقبەستی | Role/ڕۆڵ |


ئەو چوار یەکەیەی "تاگمیم" بریتین لە بنەماکان(ڕەگەزەکان)ی تاگمیم و هەر تاگمیمێك لە دو لایەنی زمانی پێکهاتوە لایەنی نابەرجەستەیی، کە لایەنی (ئیمیکیی)ە لەگەڵ لایەنی فیزیکی(چالاکی)زمانی، کە پایك بە (Field)ناوی دەبات، هەر گۆڕانکارییەکیش لە یەکەی(ئیمیك) ڕوبدات، واتە(چێوە)گۆڕاوە، بۆنمونە:

-خوشکەکەم بەیەکەم دەرچو.

-سەیران بەیەکەم دەرچو.

تەنها کاتیگۆری گۆڕاوە واتە گۆڕانکاری لە یەکەی (ئیتیك)، بەڵام (ئیمیك) هەروەك خۆیەتی. ئەمە بەمەرجێك ئەگەر ئەو دو یەکەیە وەك دو یەکەی زمانی چالاکییەکی زیندوی کۆمەڵایەتیی (ئاخاوتن)ەوە باسیان لێوە بکرێت، کە "پایك" بە (Field) ناوی دەبات.

لەم نمونەیەی سەرەوە ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە هەر گۆڕانکارییەکی(ئیمیکی) ڕوبدات گۆڕانگارییە لە (چێوە)، گۆڕانکاری لە یەکەی (ئیمیکی) واتە گۆڕان لە یەکەیەکی(ئیمیکی) بۆ یەکەیەکیتری(ئیمیکی)، تەنانەت ئەگەر گۆڕانی وشەیەکی ئیتیکی بە دەستەواژەیەکی ئیتیکی بێت، چونکە هەمان ئاستی ئیمیکییان هەیە، کەواتە ئەو جیاوازییەی لەم دو دەربڕینەی سەرەوە ڕویداوە بەهۆی گۆڕینەوەی نێوان یەکە هاوبەشەکانی چێوەیەکی دیاریکراو(ئەلۆتاگماکان)ە.
ئەوەی لەم نمونەیەی سەرەوە و نمونەیتری لەم شێوەیە تێبینی دەکرێت کاریگەریی زانیاری هاوبەشی نێوان ئاخێوەرانە، بۆنمونە ئەگەر کەسی بەرانبەر زانیاری کۆمەڵایەتی دەربارەی خوشکەکەی نەبێت لەوانەیە نەزانێت، کە ئەو لە ناوی(سەیران) مەبەست لێی خوشکەکەیەتی، ئەمەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە دەروازەی ئینسایکلۆپیدی (Encyclopedia Entry) و دەروازەی فەرهەنگی (Dictionary Entry)ەوە هەیە، دواتر لە بابەتی دەروازەی فەرهەنگی و دەروازەی ئینسایکلۆپیدی بە درێژی باسی لێوە دەکەین.
هەر لەم دو ڕستەیەی سەرەوەدا بەگۆڕینی هەریەك لە وشەی(خوشکەکەم) و (سەیران)بە وشەی(براکەم) و (مامم):
<u>براکەم</u> بەیەکەم دەرچو.
<u>مامم</u> بەیەکەم دەرچو.
لەم دو ڕستەیەدا هیچ جیاوازییەکی چێوەیی بونی نییە، تەنها دو گوزارشتە هەمان ڕیزبونی ڕێزمانیان هەیە، بەڵام لە لایەنی ئینسایکلۆپیدی جیاوازییان هەیە، واتای بازنەی زانیارییەکان (ئینسایکلۆپیدی) وشەی(براکەم) جیایە لەگەڵ واتای ئینسایکلۆپیدی وشەی (مامم)، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ ئەو دو ڕستەیە لە ڕوی واتاوە جیاوازن و ئەوەی ڕویداوە گۆڕانکاریی(ئیمیکی)یە، کەواتە درککردن بە دەروازەی ئینسایکلۆپیدی لە ئاخاوتن بە دەروازەیەکی سەرەکی دادەنرێت لە دیاریکردنی چێوە پێکهێنەکانی ڕستە یان هەر پێکهاتەیەکیتری زمانی.
پایك" ئاماژە بەوە دەکات، کە (هەر پێکهاتەیەکی زمانی چەند وێنەیەکی جیاوازی هەیە، هەر وێنەیەکیش یەکەی (ئیتیکی) تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەو وێنەیە دەنوێنێ و پێی جیادەکرێتەوە، هەرکاتێك ئەو یەکە ئیتیکییەی بەکاردێت هاوتا نەبێت لەگەڵ ئەو وێنەیەی دەینوێنێ ئەوا ئەو ڕەوشتە(ئاخاوتن)ە هیچ واتایەکی نابێت)(Pike, K.L. 1967:26) .
"پایك" لە بارەی یەکەی "ئیتیك"ییەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە هەر یەکەیەکی زمانی ئەگەر دەرکەوتنی فۆنۆلۆجی نەبێت، کە بە(Manifestation)ناوی دەبات ئەوا ناتوانرێ هەستی پێبکرێت و یەکە ئیتیکییەکانیش بەشێکن لەو دەرکەوتەیە، هەر بۆیە دەکرێ بڵێین، (بەوێنەی فۆنیم و فۆن ئیمیك و ئیتیك دەکەونە نێوان نابەرجەستەیی و بەرجەستەیی لە فۆڕم و واتادا، هەندێجار بەوێنەی مۆرفیم و مۆرف فۆڕم گۆڕین دێتە کایە، وەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، شێوە لاکێشەکەی ناو لاکێشە گەورەکە، دەکرێ وەکو فەرهەنگی ئاوەزی مێشکی مرۆڤ سەیربکرێت، ئەو بازنە بچوکانەی لەناو لاکێشە بچوکەکە دانە(Emic)ەکان دەگەیەنن و وەکو (Etic)ی دانەی بەرجەستە دەردەکەون، بازنە سورەکە(Emic)ێکی نابەرجەستە دەگەیەنێ لەوانەیە بەتەواوی فۆڕمەکەی بگۆڕێت، بەڵام بە هەمان ئەرك هەڵدەستێ، کاتێك وەك(Etic)کارا دەکرێ بازنە بەتاڵەکان و پڕەکان لەناو لاکێشە بچوکەکەدا دانەی نابەرجەستەی زمانین و دەکرێ وەکو تاگمیم سەیر بکرێ، بەڵام ئەگەر بەو شێوەو ئەرکەی خۆی مایەوە ئەلۆتاگمای نابێت)(صباح رشید2012: 16).



"لۆنگاكر" باس لە بونی یەكەی "ئیمیك" و یەكەی "ئیتیك" دەكات لە ئاستە ڕێزمانییەكاندا و بەو جۆرە ئاماژەیان پێدەكات(وەك چۆن یەكەی ئیمیك و یەكەی ئیتیك لە هەریەك لە "تاگمیمەكان" و "تاگماكان"دا بونی هەیە، بەهەمان شێوە لە ئاستە ڕێزمانییەكانیشدا یەكەی "ئیمیك" و یەكەی "ئیتیك" بونیان هەیە و لەهەمو زمانێكیشدا دەكرێ ئاماژەیان پێبدرێت و پێوەری تایبەت بە ئاستەكان لە لایەن "پایك"هوە دەخاتەڕو:

1-دەبێت پێكهاتەكان constructions ئەو پێكهێنانەConstituent دیاری بكەن، كە لە خۆیاندەگرن لەڕوی جۆری پێكهێنەكان (kind of Constituent) و چۆنییەتی دەركەوتن (occurrence of constituent) و ڕیزبونیان لەو پێكهاتەدا (order of Constituents in Constructions).

2- هەر پێكهاتەیەك لە ڕۆنانێكدا پێویستە بەرونی بەرانبەر هەر یەكەیەكیتر بوەستێت لە ڕۆنانی بەرزتر یان نزمتر لەخۆی.(Longacre, R.E.1965:16)

ئەگەر سەیری هەریەك لە ئاستە ڕێزمانییەكانی(ڕستە و دەستەواژە و فرێز و وشە)بكەین، لەچوارچێوەی ئەو ئاستانەدا هەریەك لە تایبەتمەندییەكانی، (پەیوەندی، پەیوەستبون، بەدواییەكداهاتن)دەبینرێن، كە بنەمایەكن بۆ پێناسەكردن و ناساندی ئاستە بنەڕەتییەكانی ڕێزمان(لە بەشی دوەم لە بابەتی ڕەنگدانەوەی یەكە زمانییەكان لە هەرەمی ڕێزمانیدا Units reflected in hierarchyبە درێژی باسیان لێوە دەكرێت).

## بەشی دوەم:

## چەند بابەتێك دەربارەی پەیوەندی نێوان ئاستەكانی زمان لە هەرەمی ڕێزمانیدا

### 2-1.پەیوەندی نێوان ئاستەكانی زمان (دەنگ و واتا و ڕێزمان) لەڕوانگەی ئاستە ڕێزمانییەكەی سیستەمی چێوەرێژكردن:

"پایك" سێ هەرەم لە زمان دیاریدەكات كە ئەوانیش هەرەمی فۆنۆلۆجی(Phonological Hierarchy)و هەرەمی واتایی(Referential Hierarchy)و هەرەمی ڕێزمانی(Grammatical Hierarchy)ن، هەرچەندە ئەو ئاستانە بەیەكەوە بەستراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئاستێك سەربەخۆ لەوانیتر خاوەنی زاراوە و یەكەی تایبەت بە خۆیەتی، ناكرێ بەوجۆرە سەیری دەنگەكانی زمان و دانە فەرهەنگییەكان بكەین وەك ئەوەی پاشكۆی ڕێزمان بن، دەنگەكان یەكدەگرن و مۆرفیم و وشەكان پێكدەهێنن و ڕێزمانیش لەرێگەی ڕیزبونی یەكە زمانییەكانەوە باسی لێوەدەكرێت. سیستەمی چێوەرێژكردن مامەڵە لەگەڵ هەمو ئاستەكانی هەرەمی ڕێزمانی دەكات، مەرج نییە هەمو یەكەكانی ئەو ئاستانەی زمان لەو هەرەمە بەشداربن، "پایك" بەم جۆرە باس لە زنجیرەی یەكەكان دەكات: (زنجیرەی ئاستەكان(Hierarchies) بریتییە لە گوزارشتێك دەربارەی یەكگرتنی یەكە بچوكەكان بۆ دروستكردنی یەكەی گەورەتر

و ئەو یەکە گەورانەش لەیەکەی گەورەتر لەخۆیان دەنوێنرێن، هەرەمی ڕێزمانی لەسەر بنەمای پێکهاتەیی بنیاتنراوە واتە یەکەکانی ئاستێك یەکدەگرن بۆ دروستکردنی یەکەی ئاستێکی بەرزتر لە هەرەمەکە، کە بەرزترین یەکەی ئەو ئاستە ڕستەیە و نزمترینی یان کۆتا یەکە لەئاستی شیکردنەوەی هەرەمەکە مۆرفیمە)( Pike, K.L. and Pike, E.G.. 3:1982).

هەر لەبارەی پەیوەندی یەکەکانی زمان "لۆنگاکر" لە وتارێکیدا بە ناوی هەندێك بیرۆکەی سەرەکی دەربارەی "تاگمیمیکس "Some Fundamental Insight of Tagmemics"، بەم جۆرە باس لە یەکگرتنی یەکەکانی زمان لە پێکهاتە ڕێزمانییەکان دەکات(پەیوەندی پێکهاتەیی لە نێوان یەکەکانی زمان لە هەر ئاستێکی هەرەمی ڕێزمانی لەسەر بنەمای بەدواییەکداهاتنی ئەو یەکانەیە لەو ئاستەدا، نەوەك لەسەر بنەمای دو لایەنی لە پەیوەندیدا (Longacre, R.E.1965:78) .

پێکهاتە چێوەییەکان لەشێوەی دەستەیەك لە ئاستە دیاریکراو و زانراوەکان ڕیزدەکرێن، باوترین ئاست لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان بریتییە لە:

وشە (الكلمة-Word) و فرەیز (العبارة-Phrase) و پارستە (التركيب-Clause) و ڕستە (الجملة-Sentence) و مۆرفیم (المورفيم-Morpheme).

(ئاستە ڕێزمانییەکەی سیستەمی چێوەڕێژکردنTagmemic Systemمامەڵە لەگەڵ هەمو ئاستەکانی هەرەمی ڕێزمانی دەکات، ئەنجامی شیکردنەوەکانی تاگمیم لەوانەیە لە چێوەڕێژی ئاستی ڕستە، یان پارستە یان فرێز یان وشە یان مۆرفیم ڕەنگبداتەوە"Cook" ئاستە ڕێزمانییەکانی چێوەڕێژکردن بەو شێوەیەی خوارەوە لە وێنەی(2-1) چڕدەکاتەوە:




(صباح رشيد8:2016).

## 1-1-2.هەرەمی فۆنۆلۆجیPhonological Hierarchy:

"پایك" یەکەکانی ئاستی فۆنۆلۆجی دیاریدەکات و پەیوەندییان بە یەکەی ئاستەکانیتر و کاریگەریی دەوروبەر لە دابەشکردنی ئەو یەکە فۆنۆلۆجییانە لەسەر یەکە پێکهێنەرەکانی دەق ڕوندەکاتەوە، کە (بریتین لە دەنگە

کۆنسنانتەکان(Consonants)، دەنگە ڤاوڵەکان(Vowels)، برگە(Syllables)، کۆمەڵەی هێز(Stress Group)، پەرەگرافی فۆنۆلۆجی (Phonological Paragraph)، گوتن و وەڵامدانەوە(Utterance and Response)، ئاوازە(Intonation)(بەرزی و نزمی دەنگ لەئاخاوتن) (Pike, K.L.1982:89)، ئەگەر دەقێك یان ڕستەیەکی لەم شێوەیە وەربگرین:

– قوتابییە یەکەمەکانی پۆلی دوازدەی سەر ئاستی هەرێم دڵخۆشی خۆیان بەو ئەنجامە دەربڕی، کە بە دەستیان هێنابو و لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکانیانەوە خەڵاتیان پێ بەخشرا.

ئەگەر لەم دەقەی سەرەوە یەکەکانی ئاستی فۆنۆلۆجی جیابکەینەوە، کە سەرەتا دیاریکردنی دەنگە کۆنسنانتەکان: (ق، د، ل، ر، س، ك، ن....)، دەنگە ڤاوڵەکان: (هـ، ا، ۆ، ی، و،...)، برگەکان(قو، تا، بی، یە، یە، کە، مە.....)، کۆمەڵەی هێزStress Group، کە بریتییە لە هێزی سەر هەر یەك لە وشە سەرەکییەکانی ئەو ڕستەیەی سەرەوە[v]، دواتر پەرەگرافی فۆنۆلۆجی (Phonological Paragraph)، بەمجۆرە یەکە دەنگییەکان دەردەکەون (چەقی پەرەگرافە فۆنۆلۆجییەکە دەکرێ بە هێواشی (Slowly)و ڕون(Distinictly)بە دەنگێکی بەرز(Loudly)دەربڕدرێت، لەگەڵ ئاوازەیەکی هەندێك بەرز(With Relatively High Pitch)، هەرچی یەکە پەراوێزییەکانە (Marginal Element)بە خێرایی(Rapid) گۆ دەکرێ، لەگەڵ نزمی لە تۆنی دەنگەکە (Lower in Pitch) و نا ڕونتر لە چەقی ئاخاوتنەکە(Perhaps Less Distinct)، گۆکردنی (قوتابییە یەکەمەکانی پۆلی دوازدەی سەر ئاستی هەرێم)دەبڕینێکی پەراوێزییە، لەبەر ئەوەی ئەو زانیارییانە بیستراون، بۆیە بە تۆنێکی نزم دەردەبڕدرێن، (خەڵاتیان پێ درا) چەقی ئاخاوتنەکەیە، بۆیە بە دەنگێکی بەرز دەردەبڕدرێت، بەمجۆرە هەمو بەشەکانی ئاخاوتنەکە بە گوێرەی مەبەستی ئاخێوەرەکە بەر بەرزی و نزمی تۆن دەکەون لە ئاخاوتندا[vi]، پەرەگرافی فۆنۆلۆجیش بەهەمان شێوەیە.

"پایك" لە بابەتی (پرسیار و وەڵامدانەوە-Utterance and response)بەم جۆرە باس لە کاریگەری یەکە دەنگییەکان دەکات، بۆنمونە لەو گوتنانەی پرسیاریان تیایە بۆ دەسکەوتنی زانیاری لەوانەیە لە دەربڕینەکە هەست بە دڵەڕاوکێ و خێرایی لە دەربڕین بکرێ، وەك ئەوەی (باوکێك پرسیار لەچۆنییەتی حاڵی کوڕە نەخۆشەکەی لە دکتۆر بکات)، ئەم جۆرەی دەبڕین جۆرێك لە پێداگری Urgency و پەلەپی (Murry)ی تێدا بەدیدەکرێت.

ئاوازە لای "پایك" سێ جۆرە(بەرزHigh، ناوەندMid، نزمLow)، ئاوازە لەسەر ئاستی یەکەی فەرهەنگی( Lexical Units) کارناکات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ یەکەی بەرزتر دەکات بەجۆرێك کاریگەرییەکەی لەسەر هەریەك لە وشە و ڕستە و فرێز و پاڕستەکان بە گشتی دەردەکەوێ، بە جۆرێك کە هەڵوێستی قسەکەر لەو ئاخاوتنە دەردەخات، بۆنمونە ئەگەر بە هێواشی و بە تۆنێکی نزم بڵێین: (ئەو بیری ڕۆیشتوە)، بە هێز خستنە سەر وشەی (بیر)، ئەوا گوێگر چاوەڕوانی ئەوە دەکات شتێك دەربارەی (بیر)ی ئەو کەسە دەربڕێت.

### 2-1-2.هەرەمی ڕێزمانیGrammatical Hierarchy:

ڕێکخستنی هەرەمی (hierarchical organization) لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا بوار بە زمانەوانان دەدات بۆ شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕستە و تێگەیشتن لە چۆنییەتی ڕیزبون و پەیوەندی یەکە زمانییەکان لەو ڕۆنانانەدا بۆ گەیاندنی واتا، (یەکە زمانییەکان/تاگمیمەکان-Tagmeme) لە ڕێگەی (تاگماکان-Tagmas) لە ڕۆنانە ڕێزمانییەکاندا دەنوێنرێن، کە بریتییە لە بەکارهێنانی یەکە فەرهەنگییەکانLexical Itemsبۆ پێکهێنانی یەکەی ڕێزمانی جۆراوجۆر، کە بە هەرەمی ڕێزمانی (Grammatical Hierarchy)ناودەبرێن و لە تیۆرە ڕێزمانییەکانیتری شیکردنەوەی زمان بەرزترین ئاست

highest level لە هەرەمی ڕێزمانی (grammatical hierarchy)بریتییە لە ئاستی سینتاکسیsyntactic level، کە مامەڵە لەگەڵ ڕیزبونی وشەو مۆرفیمەکان دەکات بۆ پێکهێنانی فرێز و لاڕستە و ڕستەکان، لە شیکردنەوەی ڕێزمانی دەقدا جگە لەم پێنج یەکەیە یەکەیتریش دیاری کراون، "پایك" لە کتێبیGrammatical Analysisئەم یەکانە لە زنجیرەی ڕێزمانی دیاری دەکات(Pike, K.L. and Pike, E.G. 1982b:25):

-گفتوگۆ (المحادثة/Conversation):

بریتییە لە یەکە کارلێکە ئاخاوتەییەکانی نێوان دوو یان زیاتر لە دو ئاخێوەر لەڕوی درێژی ماوە و ژمارەی یەکە گۆڕکییەکان(دیالۆگەکان)ی سنوردارنەکراوە.

A unit of Verbal interactions between two or more Speakers indefinite in length or number of Exchanges.

-دیالۆگ( الحوار/Exchange/Dialog):

بەکارهێنانی بچوکترین یەکە لە ئاخاوتنی کارلێکە کۆمەڵایەتییە زارەکییەکان (بەرکەوتە ئاخاوتەییەکان)، بریتی دەبێت لەیەك ئاخاوتن لەکەسێکەوە لەپاڵ دوبارەبونەوەی بەرکەوتەکان لەلایەن کەسێکیترەوە.

The minimum units of Verbal Social interaction, one Speech by one Person plus one interacting replay by another.

-مۆنۆلۆگ (الحديث الفردي/Monolog): پەرەپێدانی بابەتێك یان چەند بابەتێك لەلایەن تاکەکەسێکەوە.

The development of a theme or themes by single speaker.

-پەرەگراف یان ڕستەی ئاڵۆز (الفقرة او الجملة المركبة/Paragraph or Sentence Cluster):

-پەرەگراف(الفقره/Paragraph ):

گوزارشتێکە دەربارەی کەمترین یەکە لە هەمو بابەتێکی گەشەسەندودا.

“The minimum unit in which a theme is developed”

-ڕستەی ئاڵۆز(الجملة المركبة/Sentence Cluster):

زنجیرەی ڕستەکان بەهۆی چاڵ و ڕۆڵ و پۆل و ئامرازەکانی دەقبەستییەوە گرێدەدرێن، هەر پەرەگرافێك یان هێڵێکی ناو پەرەگرافەکە وابەستەی کرۆك(ناوك)یان پەراویزی پەرەگرافەکە دەبن.

“A sequence of sentences related by Slot, Role, Class, Cohesion features, a paragraph, or a layer within nucleus or margin of the paragraph”

-ڕستە (الجملة/Sentence):

پاڕستەی سەربەخۆ، یان هەر یەکەیەکی پیشنیارکراو، پاڕستەیەك بە پاڕستەیەکیتر دەبەستێتەوە، یان بریتی دەبێت لە کورتە وەڵامێك یان ئاماژەیەکی سەرسوڕمان، سڵاوکردنێك، یان هەر شتێکیتر.

“An independent Clause… or a Propositional unit Combining Clause with Clause… or minimum reply; or exclamation, greeting or others”

-کلۆز(التركيب/Clause):

لاڕستە پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە وەکو دەستپێکی ئاخاوتن و هاوکات وەکو ڕستەیەکیش دەردەکەوێت.

“An independent Clause as initiating Speech is simultaneously a Sentence”

-فرێز(العبارة/Phrase):

زاراوەیەکە گوزارشت لە زنجیرەیەك وشەی پێشبینی نەکراو، لەگەڵ وشەیەکی ناوکی دەکات.

“A term which is a non propositional sequence of words with a nuclear word”

-وشە (الكلمة/Word): یەکەیەکی بچوکی پێوانەییە لە پێگەی وەڵامدا لە هەر گفتوگۆیەکی ئاسایی ڕۆژانە، یان یەکەیەك ڕێککەوتنی هەبێ لەگەڵ یەکەیەکیتر لە پێگەی ئەرکی ڕێژەییدا، یان وشەی سەرسوڕمان و پێشوازی و (لەهەمان کاتدا ڕستەش).

The Potential minimum normal unit in a reply slot of an Exchange in normal. Non hesitant speech; a unit in slot-role proportion with other unit or exclamations, greeting words, (simultaneously sentence).

-هێشوە مۆرفیم(المورفيم المركب/Morpheme Cluster):

بریتییە لە بچوکترین یەکەی ڕێزمانی (لە زیاتر لە مۆرفیمێك پێکدێت).

(Comprised of more than one morpheme). The minimum Grammatical Constructions

-مۆرفیم (المورفيم/Morpheme):

بچوکترین یەکەی فەرهەنگییە، نزمترین یەکەی پڕکەرەوەی ڕێزمانییە، کە پارچەی نارێزمانی لەخۆدەگرێت و لە چێوەڕێژکردندا وەك (تاگمیم)مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

The minimum lexical unit, The lowest Grammatical filler unit, with no Grammatical parts within it; treated in tagmemics as part of the Grammatical hierarchy.

"پایك" لەو بڕوایە دایە دەکرێ ئەو یەکە زمانییانەی یان ئەو ئاستانەی هەرەمی ڕێزمانی بنیات دەنێن، کە لە بچوکترین (مۆرفیم)ەوە دەستپێدەکات تا گەورەترین یەکە، کە (گفتوگۆ)یە، بە جوت گروپ بکرێن، کە هەر دوانیان دەتوانن هەمان مانا دابین بکەن. بۆنمونە دیالۆگ exchange ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و گفتوگۆکەش بە هەمان شێوە. بەو پێیەی هەردوکیان هەمان مانایان هەیە، کە 'کارلێکی کۆمەڵایەتی'یە و دەتوانرێت پێکەوە گروپ بکرێن و ئاستە ڕێزمانییە جوتەکان لەگەڵ ماناکانیان لە هێڵکارییەکدا دەخاتەڕو:

| Meaning | Minimum Unit | Expanded Unit |
|---|---|---|
| Social Interaction | Exchange | Conversation |
| Theme-Development | Paragraph/ Sentence Cluster | Monolog |
| Proposition | Clause | Sentence |
| Term | Word | Phrase |
| Lexical Package | Morpheme | Morpheme Cluster |

ئەو یەکانەی ئاستی ڕێزمانی بەیەکەوە بەشدار دەبن لە دروستکردنی پێکهاتە زمانییەکان، لە هەردو ئاستی پێکهێن(Constituent)و ئاستی بونیاد(Construction) .

### 3-1-2.هەرەمی واتایی Referential Hierarchy:

تیۆری چێوەڕێژەکان جەخت لەسەر بونی زنجیرەی واتایی لە ڕیزبونی یەکە زمانییەکان دەکاتەوە بەتایبەت لە ڕستە و یەکەی گەورەتر لە ڕستە، هەر لە ڕوانگەی ئەو بۆچونەوە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان یەکە زمانییەکان شیدەکاتەوە و ئەوە دەخاتەڕو، کە چۆن یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستەیەك پەیوەندییەکی پتەوی واتایی لەنێوانیاندا بونی هەیە، بەجۆرێك دواتر ئەو ڕستەیە وەك یەکەیەکی یەکگرتو لەڕوی واتاوە بەشداردەبێت لەگەڵ یەکەکانیتری (هەرەمی ڕێزمانی) یەکە زمانییەکاندا، تیۆری چێوەڕێژەکان بەجۆرێك گرنگی بە واتا دەدات، کە ڕێزمان دەکاتە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە واتا، بۆنمونە ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکەین:

-منداڵەکە لە باخچەکەدا یاری بە تۆپ دەکات.

دەبینین پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە ڕوی واتاوە لەنێوان هەریەك لە (منداڵ) وەك بکەری ڕستەکە، کە کردەی (یاریکردن) ئەنجام دەدات، لەگەڵ (باخچە)وەك شوێنی یاریکردن و (تۆپ) وەك ئەو ئامرازەی یاری پێدەکات، کە ڕۆڵی هەریەك لەو پێکهاتە زمانییانە و پەیوەندی و گونجانیان لەگەڵ یەکەکانیتری ناو ڕستەکە دیاری دەکات، ئەمە جگە لەو واتا زیادانەی پەیوەستن بەو دەوروبەرەی ڕیزبونە واتاییەکە تیایدا دەردەکەوێت، (هەرەمی واتایی، بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەو گوتنانە دەکات، کە دەربارەی ڕوداوەکان دەگوترێن، بەوەی سەربەخۆترن لە ناوهێنانی ناوی شتێك، ناوهێنانی ناوی(سقرات) لە هەرەمی واتاییدا لە ئاستێکی نزمتر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ وەك لە کردەی(خواردنەوە) لە ڕستەیەکی وەك:

– (سوقرات) خواردنەوەکەی تاوەکو مردن خواردەوە.

وەك ئەوەی ڕونە لە ئاستێکی بەرزتر مامەڵە لەگەڵ ڕوداو دەکرێت وەك لەو ڕەگەزانەی لە ڕوداوەکە بەشدارن و لە دەوروبەردا ئاماژەیان پێدەکرێت)( pike,K.L 1982:98).

"پایك"بەستنەوەی ڕیزبونە واتاییەکان بە تیۆری چێوەڕێژەکان لە ڕێگەی هەر چوار یەکەی چێوەڕێژی بەم شێوەیەی خوارەوە لە وێنەی( 2-1-3أ)دا دەردەبڕێت:

| | |
|---|---|
| چی ڕویداوە؟ | لە کوێ ڕویداوە؟ |
| چۆن ڕویداوە؟ | بۆچی ڕویداوە؟ |

بە بیروڕای "پایك" زنجیرەی واتایی ئاڵۆزترینە لە هەر سێ جۆرەکەی ڕیزبەندی و پەیوەستە بەوەی هەر ئاخاوتنێك ئاماژە بە چی دەکات؟ "پایك" بە "communication referents"ناویدەبات. گرنگترین ئەو یەکانەی هەر ڕۆنانێکی واتایی لێی پێك دێت بریتییە لە:

1- چالاکی لە کردەی ئاخاوتنەییدا Interaction Seen in Speech Acts

2- تۆڕێك لە ڕوداو، کە لە چیرۆکێك یان وەسفکردن یان ڕێنمایی دەبینرێت. Network of Events Seen in Story, Description or Set Instruction.

3-ئامانج یان ڕونکردنەوەیەك، کە لە ئەزمونێکی داینامیکی یان وەسفکردنێکی جێگیردا دەبینرێت.

Purpose or Explanation seen in Dynamic Experience or Static Description

4-بەشداربو، ڕەگەزەکان، ڕێکخستنەکان، یان تێکەڵەیەک لەوانە.

participant, props, settings, or group thereof .

هەریەکەیەکی واتایی لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا پەیوەستە بە چوار خانەی بەشداربو لە پێکهاتە ڕێزمانییەکەدا، کە بنەماکانی چێوەی تاگمیمەکە پێناسراون و "پایك" بەمجۆرە دیاریکردون:

پۆل/Class: بریتییە لە (چی) و (چۆن)، بەتایبەت، فۆڕمی کردار، یان کەسێکی دیاریکراو، یان ئەوکارەی ئەنجامی دەدات؟

پێگە/چاڵ-Slot: بریتییە لە شوێنی ڕەگەزی تاگمیم لە ناو شەپۆڵەکە، مەبەست لێی ئایا ئەو یەکەیە یەکەیەکی کرۆکییە یان پەراوێزییە، واتە لە دەق و ڕستەدا چ چاڵێك پڕدەکاتەوە.

ڕۆڵ/Role: بۆچی و چۆن ئەو ڕوداوە ڕوی داوە مەبەست لە ڕودانی چییە، ڕۆڵی بکەر چییە لەوکردارە.

دەقبەستیCohesion: چۆن ئەو بابەتە لەگەڵ ئەوانیتر پەیوەندی دەبەستێ و چۆن کاریان تێدەکات وکاری لێدەکرێت وێنەی(2-1-3ب):

| | |
|---|---|
| Slot: **Where** is the item on the including wave? | Class: **Who** or **What**, specifically, is the form of the action: or the specific individual or thing performing it? |
| Role: **Why** is the action performed to do what, with what purpose? Or what is the **role identity** of the actor or item. | Cohesion: **How** does this item **relate to** others within the system; how does it govern them or how is it governed by them? |

خانەی پۆل وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە چی ڕودەدات، وکێ یان چی بەشدارە لەو ڕوداوانەدا. بە واتایەکی تر خانەی پۆل لە ڕێگاو شێوازە جیاوازەکانی قسەکردن لەسەر چەمکێک پێکدێت؛ یان دەربڕینە جیاوازەکانی واتایی کە بۆ هەمان چەمك بەکاردەهێنرێن. خانەی شوێن شوێنی ڕوداو یان دەستنیشانکردنی ئەم ڕوداوانە لە ڕوی کات و شوێنەوە دیاری دەکات و دیاربونیان بە بەراورد بە پێکهێنەکان یان ڕوداوەکانی دیکە لە تەواوی پێکهاتەکەدا نیشان دەدات. تایبەتمەندی ڕۆڵ لە یەکەی تاگمیم ئەوە ڕوندەکاتەوە کە بۆچی ئەو ڕوداوانە یان کردارانە ڕویانداوە. لە کۆتاییدا، تایبەتمەندی دەقبەستی ئەوە نیشان دەدات، کە چۆن دەتوانرێت لە تاگمیم تێبگەین؟ وەک بەشێک لە گشت، بەجۆرێك کە ناتوانرێت لە دەقی گشتی جیاببێتەوە، دەقبەستی دەکرێت لە ڕێگەی وێناکردنی جیهانێکی دیاریکراوی دەق بێتە دی. ( .(Pike, K.L. and Pike, E.G.1982:233

## 1-3-1-2.ڕۆنانی ڕێزمانی و پێڕەوی گێڕانەوەThe Grammatical Structure and Telling Order:

"پایك" وایدەبینێت ڕۆنانی ئاماژەیی/سەرچاوەیی[vii] The Referential Structureسیستەمی ڕوداو دەخاتەڕو، کەچی ڕۆنانی ڕێزمانی The Grammatical Structure The Happening Order پێڕەوی گێڕانەوەکە دەخاتەڕو و بەم جۆرە گوزارشتیان لێدەکات، "پایك" بەم جۆرە باس لە پێکهێنی واتایی دەکات: (هەر ڕوداوێك(Event)دەکرێ لە ڕێگەی

چەند گوزارشتێکی جیای زمانییەوە وێنا بکرێت و دەربیڕێت، ئەو واتایەی دەربارەی ڕوداوەکان گوزارشتی لێدەکرێت بە چەمك (Concept) ناودەبرێت، ڕێگا جیاوازەکانی گوزارشتکردن لەو چەمکە بە دوبارە داڕشتنەوە (Paraphrase)ناو دەبرێت، هەر چەمکێکیش لەگەڵ دوبارە داڕشتنەوە بە بەیەکێك لە ڕیزبونە واتاییەکان دادەنرێ و هەر یەکەیەکی فەرهەنگی چەند واتایەکی جیا لەخۆ دەگرێ، کە هەر یەکەیان ئەندامێك دەبێ لە دوبارە داڕشتنەوەی گوتنەکان، بۆنمونە (مۆرفیم) لەگەڵ هەر یەکەیەك لە و ڕیزبونانە یەکەیەکی واتایی ئیمیکی (Referential Unit Emic)ی دەنوێنێ و هەمان مۆرفیم بەواتای جیاواز و دوبارە داڕشتنەوەی جیاواز بۆ یەکەیەکی واتایی جیاواز دەگەڕێتەوە)pike, K.L 1982:100).

نمونەی یەکەم:

-دەریا گەڕایەوەماڵەوە و دواتر نانی ئێوارەی خوارد.

-دەریا نانی ئێوارەی خوارد دوای ئەوەی گەڕایەوە ماڵەوە.

نمونەی دوەم:

- درەنگانی شەوی ڕابردو تانکەرێکی سوتەمەنی وەرگەڕا، بەهۆی وەرگەڕانەکە ئاگری گرت و ئەو شوفێرەی، کە لەناو تانکەرەکەدابو، سوتا و گیانی لەدەستدا.

- بەهۆی وەرگەڕانی تانکەرێك ئاگرێکی گەورە کەوتەوە و تانکەرەکە بە تەواوی سوتا و شوفێری تانکەرەکە گیانی لەدەست دا.

- شەوی ڕابردو بەهۆی باران بارینەوە لە ڕێی جەدیدە تانکەرێك وەرگەڕا، کە سوتەمەنی بارکردبو، ڕوداوەکە بوە هۆی سوتان و گیانلەدەستدانی شوفێرەکە.

لەهەردو نمونەکەدا تێبینی ئەوە دەکەرێت ڕۆنانی واتایی گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە، ئەوەی گۆڕاوە سیستەمی ڕێزمانی(سیستەمی گێڕانەوە)کەیە، پێچەوانەبۆتەوە.

لە سیستەمی گێڕانەوەدا پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە ڕۆنانێکی ئەندازەیی ڕیز دەبن بەجۆرێك ڕستەی سەرەکی پێش ڕستەی پاشکۆ دەکەوێت، بەڵام لەسیستەمی ڕوداو، کە پەیوەستە بە زنجیرەی واتاییەوە، ئاماژە بە ڕیزبەندی کاتی لە ڕوداودا دەکات بە لەبەر چاوگرتنی سیستەمی گێڕانەوەکە، جیاوازییەکیتر لە نێوان هەردو سیستەمدا بریتییە لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان یەکە پێکهێنەکانی هەریەك لە زنجیرەی ڕێزمانی و زنجیرەی واتایی، (پەیوەندی یەکە ڕێزمانییەکان (پەیوەندی گشتیی)یە، لە کاتێکدا پەیوەندی یەکەکانی زنجیرەی واتایی پەیوەستە بەو دەوروبەرە نازمانییەی دەوری یەکەکان دەدات، بۆنمونە لە هاوکێشەیەکی بیرکاری وەك:

نۆ+چوار=یەك

ئەو هاوکێشەیە لەڕوی ڕێزمانییەوە قبوڵکراوە، بەڵام لەڕوی واتاییەوە پەسەند نییە، چونکە لە یاسا بیرکارییەکان لایداوە، بەمەرجێك پەسەندکراو دەبێ، ئەگەر ئاخێوەر ئاماژە بۆ کاتژمێر بکات لەکاتی ئاخاوتنەکەیدا) Shehdeh, I. F. ) 1988:82).

### 2-1-3-2.دەروازەی فەرهەنگیThe Dictionary Entryو دەروازەی ئینسایکلۆپیدیThe Encyclopedia Entry:

بە بڕوای "پایك" جیاوازییەکی گرنگ هەیە لەنێوان هەریەك لە یەکەی ئاماژەییReferential Unitو یەکەی ڕێزمانیGrammatical Unitدا، بەم جۆرە باسیان لێوە دەکات، لە دەروازەی(مدخل) فەرهەنگی دەستەی یەکە واتاییە تایبەتەکان، کە بریتیین لە (شتThingیان ڕوداوEventیان کەسPerson...) کاتێك بە دەروازەی فەرهەنگی The

Dictionary Entryدا تێدەپەرن و گەنجینە دەکرێن لە دەروازەی ئینسایکلۆپیدیThe Encyclopedic Entryدا بە ڕەگەزی تایبەت لە کات و شوێنی تایبەت یان ڕێککەوت یان بەشێك لە گێڕانەوە دادەنرێن، ئەو یەکانە واتا فەرهەنگییەکەیان لەدەست دەدەن و دەبن بە بەشێك لە سیستەمە بەکارهاتوەکە، کە "پایك" بە سیستەمی ئینسایکلۆپیدی ناوی دەبات و دەڵێت: (پێویستە یەکەی فەرهەنگی "سوقڕات" وەکو ناو هەمان ناو بمێنێتەوە لەهەمو حاڵەتەکان، بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەر ئەوەی یەکەیەکی واتایی دەنوێنێت، ئەوا لەتوانایدا هەیە دوبارە دابڕێژرێتەوە بەبێ لەدەستدانی ناسنامە فەرهەنگییەکەی، هەرچەندە ئەگەر وەك ناویش نەمێنێتەوە، هەربەوجۆرە دەکرێ بوترێ، (ئەو پیاوەی، کە ئەفلاتون دەربارەی ئەو نوسیویەتی)، یان (ئەو مامۆستایەی ئەفلاتون، کە ناچاربو ژەهر بخواتەوە)، یان (سوقراتی مەزن)، لەگەڵ ئەوەش گوێگر یان خوێنەر وەرینا گرێت و پێیرازی نابێت، تەنها ئەگەر دەوروبەرەکە وابخوازێت یان ڕێگە بە بەشداربوان(ئاخێوەر و گوێگر)بدرێت بە گفتوگۆکردن بەوەی ئەوکەسەی ئاخاوتنەکەی لەبارەوە ئەنجام دەدەن هەمان ئەوکەسەیە، کە مەبەستییانە.

ئەو بڕیارەی ئەوان دەبارەی ناوهێنانەکە دەیدەن بڕیارێکی (ئیمیکی)یە دەربارەی ناسنامەکە، نەوەك بڕیاری کەسێکی دەرەوەی گفتوگۆکە بکرێت بە پێوەر بۆ پێناسەکردنی واتای یەکە فەرهەنگییەکە، کەواتە پێوەری گونجاو بۆ دیاریکردنی ڕاسترین ناوهێنان پەیوەستە بەو زانیارییە پێشینەو هاوبەشەی لەنێوان بەشداربوانی ئاخاوتنەکە بونی هەیە) Pike ).,K. L.1982:99)

## 2-2.کۆتبەندی واتایی لەڕیزبونی یەکە زمانییەکاندا(دیاریکردنی یەکە زمانییەکان لە ڕوانگەی دەوروبەرەوە):

هیچ زنجیرەیەکی واتایی(Referential Unit) بە بێ دەرکەوتنە فیزیکی)(physical manifestation)یەکەی هەستی پێناکرێت و مەبەستەکەی ناپێکێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە واتا و فۆرم بەیەکەوە بەستراون The Form and meaning are correlated ،"پایك"بەمجۆرە باس لە دەوروبەر دەکات لە ڕوانگەی فۆرم و واتاوە(هەر یەکەیەکی زمانی خاوەنی فۆرم و واتایە. فۆرم بریتییە لە دەرکەوتنی زمانەوانی یەکەکە و ڕێکخستن یان ڕودانی یەک لە دوای یەک لە پێوەندی لەگەڵ یەکەکانی دیکەی ناو زمانەکەدا. لە بەرانبەردا واتا کاریگەری ئەو فۆرمەیە لەسەر ڕەفتاری بیسەر یان...وەرگر. ئەم پەیوەندییەی نێوان فۆرم و واتا پێی دەگوترێت "پێکهاتەی فۆرم-واتا).

دەوروبەر لە تاگمیمی چوار خانەیدا بە ڕونی تێبینی دەکرێت. پێگە ئەرکییەکە باس لە ڕودانی فۆرمەکە دەکات لە پەیوەندی لەگەڵ فۆرمەکانیتردا، واتە دەوروبەری دەقەکە، خانەی (پۆل)یش ئەوە پیشان دەدات کە چ کاتیگۆرییەك دەتوانێت ئەو کۆنتێکستە پڕ بکاتەوە، لە هەمان کاتدا واتای فۆرم یان واتای ڕۆنانی لە خانەی ڕۆڵدا نیشان دەدرێت. خانەکانی (پێگە و پۆل) تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکە دابیندەکەن لە کاتێکدا خانەکانی ڕۆڵ/Role و دەقبەستی/Cohesion واتا و شێوازی پەیوەندیکردنی بە بەشەکانی دیکەی تەواوی پێکهاتەکەوە دیاری دەکەن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە، چەمکی جیهانی دەق پەیوەستە بە لێکدانەوەی چەمکی دەوروبەر لەبەر ئەوەی ئاخاوتن لە بۆشایی کەلتوری ڕونادات، بەڵکو بەستراوەتەوە بە کات و شوێن و هەڵوێستی دیاریکراوەوە) Pike, K.L. and Pike, E.G. ) 1982:461).

چەمکی دەوروبەر لە دو بواردا خۆی دەبینێتەوە: (دەوروبەری زمانی و دەوروربەری نازمانی)، دەوروبەری زمانی پەیوەستە بە پەیوەندیی و پەیوەستی یەکەکانی زمان(Unit Determined by Relationship to Context)، کاتێك بەشداردەبن لە سیستەمێکی گەورەتر (Larger System)، لەسەر بنەمای پەیوەندیی(Relationships) یەکەیەك بە

یەکەیەکیتر لەو ڕۆنانەدا. هەرچەندە پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان هەردو زنجیرەدا هەیە و زۆر لە تایبەتمەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازن.

"پایك" ئاماژە بەوە دەکات، کە هەر یەکەیەکی فەرهەنگی لە ڕێگەی ڕێزمان و دەنگسازی و واتاوە لە چالاکی زمانیدا بەشداردەبێت، کە بە Field"ناوی دەبات، ڕێزمان واتای ئەرکی یەکەکان (Meaning of Role)دیاری دەکات، فۆنۆلۆجیش تایبەتە بە کاریگەری دەنگی لە ئاخاوتن و واتاش تایبەتە بە واتای فەرهەنگی یەکەکان Meaning of Lexicon، هەر سێ زنجیرەی ئاستەکان بەیەکەوە و بە یەکگرتویی بەشداردەبن لە ئاخاوتندا، "پایك" نمونە بەوە دەهێنێتەوە، کە ئەگەر ڕستەیەکی وەك:

-Socrates died after he, drank the poison

-سوقرات دوای ئەوەی ژەهری خواردەوە مرد.

ئەگەر ئەو ڕستەیە پارچە بکەین بۆ تاکە دەنگ و برگە و ئاوازە، چی دەمێنێتەوە؟ هیچ شتێك نامێنێتەوە، ئەگەر هەمان ڕستە پارچە بکەین بۆ پێکهاتەی سەربەخۆ و ناسەربەخۆ بەهەمان شێوە هیچ نامێنێتەوە، ئەگەر هەمان ڕستە کورت بکەینەوە بۆ ئەو ڕوداوەی ڕستەکە لەخۆی دەگرێ هەم دیسان هیچ نامێنیتەوە، پەیوەندی نێوان زنجیرەی ڕێزمانی و واتایی کاتێك ڕون دەبێتەوە، کە هەمو دەرکەوتن (manifestation) ێکی یەکەی واتایی لە فۆرمی ڕێزمانیدا بنوێنرێت و هەر فۆرمێکی ڕێزمانیش پەیوەستە بە کۆتبەندی واتایی(Restrictions Referential) لە دەرکەوتنیدا، کە ئەویش پەیوەستە بەو دەوروبەرەی دەوری یەکەکانی هەرسێ زنجیرەی فۆنۆلۆجی و ڕێزمانی و واتای داوە The setting of a) (Pike,K.L1981:36)unit in its Phonology Grammatical, or referential surrounding)

هەر ڕستەیەك ڕۆنانێکی ڕێزمانی پەیوەست بە کۆتبەندی واتایی دەبێت و (واتای مەبەستدار لەهەر یەکەیەکی زمانی، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی هەرسێ ئاستی ڕێزمان و فۆنۆلۆجی و واتاوە هاتۆتەکایە، تەنها لەڕێگەی ئەو دەوروبەرەوە دیاریدەکرێت، کە دەوری ئەو یەکانەی داوە)(حازم كمال الدين2002:33)، بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەك:

-خوشکەکەم دڵخۆشە.

ئەو ڕستەیەی سەرەوە دو واتا دەدات:

-خوشکی ئەو دڵی خۆشە(ئاسودە)یە.

-خوشکی ئەو ناوی (دڵخۆش)ە.

بەهەمان شێوە بۆ هەمو ئەو وشە و دەستەواژانەی زیاتر لە واتایەك دەدەن بەدەستەوە و واتایان ڕون نابێتەوە تەنها لە دەوروبەر نەبێت.

## 3-2.چەمکی ئامرازParticleو شەپۆڵWave لە ڕوانگەی تیۆری چێوەڕێژەکاندا:

بە بڕوای "پایك" هەر یەکەیەکی زمانی دەکرێ بە شێوەیەکی داینامیکی(Dynamically)لە سێ لایەنەوە ببینرێ سەرەتا(Beginning) و ناوەڕاست (Middle)و کۆتایی(End)، ناوەڕاست بە(Central)یان چەق (Nucleus)و سەرەتا و کۆتاییش بە پەراوێز(Margin)دادەنرێن، بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەوە هەر یەکەیەك بە شەپۆڵ (Wave)دادەنرێت.

"پایك" بیرۆکەی شەپۆڵ لە ڕێگەی کێڵگەی زمانییەوە لەسەر یەکەکانی زمان جێبەجێ دەکات (Field)، بۆنمونە لە ئاستی فۆنۆلۆجی هەر ڕستەیەك بە شەپۆلێکی فۆنۆلۆجی دادەنرێت، کە پێکهاتەی سەرەتا و کۆتایی ڕستەکە بە پەراوێزی دادەنرێن و پێکهاتەی ناوەڕاست لە ڕۆنانی ڕستەکە بە چەقی شەپۆڵەکە دادەنرێت، وەك لە ڕستەی:

من نوسراوەکە دەبەم.

| | | |
|---|---|---|
| من | پەراوێزی بەرایی/ پێش پەراوێز | Pre margin |
| دەبەم | پەراوێزی کۆتا/ پاش پەراوێز | Post margin |
| نوسراوەکە | چەقی شەپۆڵەکە | Nucleus |

ئەوە سەبارەت بە ڕستەیەکی ئاسایی هەواڵ گەیاندنەوە، ئاواز لە ڕێزمان بەگشتی و تیۆری چێوەڕێژەکان بە تایبەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ لە پێکهاتە زمانییەکاندا، (بەتایبەتی بۆ هەندێ لە ئاوازەکانی (کەوت) و (هەڵس)، کە دەتوانرێ بگوترێ گرنگی ڕێزمانیان هەیە، چونکە ئاواز بەگشتی و ئەم دو ئاوازەیە بە تایبەتی ئەرکی ناساندنی جۆرەکانی قسە دەبینن، واتە دیاریکردنی ئەوەی، کە ئایا کردە قسەییەکە هەواڵییە یان پرسیارە یان فەرمانە)(ڕەحمان ئیسماعیل133:1998)، ئەمەش نمونەیەکی باوی زۆربەی زمانەکانە، کە بە گۆڕینی ئاوازەی ڕستەیەك دەتوانرێ ڕستەیەك لە هەواڵ گەیاندنەوە بگۆڕدرێ بۆ پرسیاری لە ڕێگەی گۆڕینی ئاوازەکەی بۆ ئاوازەیەکی (بەرز-هەڵس)، کە ئەمەش ئەرکێکی ڕێزمانییە.

لە ئاستی ڕستەسازی دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ و پێکهاتەی پەراوێزی پەیوەست نییە بەوەی کامە پێکهاتە سەرەکییە(بکەر، بەرکار، کردار) و کامیان لاوەکییە(سەربارەکان)، بەڵکو پەیوەستە بەو پێکهاتەیەی بە تۆپیك(Topic) دادەنرێت لە ڕستەکەدا، بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەك:

وێنەکێشی تابلۆکان لە پێشانگاکە ئامادەنەبو.

- پێشانگاکە بەیانی دەکرێتەوە.

| | |
|---|---|
| پێشانگاکە | Pre margin |
| بەیانی | Nucleus |
| دەکرێتەوە | Post margin |

-وێنەکیشی تابلۆکان لە پێشانگاکە ئامادەنەبو.

| | |
|---|---|
| لە پێشانگاکە | Post margin |
| وێنەکێشی تابلۆکان | Nucleus |
| ئامادەنەبو | Pre margin |

-پرسیار: کەی پێشانگاکە دەکرێتەوە؟

-وەڵام: بەیانی

لە وەڵامی ڕستە پرسەکە (بەیانی) بە چەقی شەپۆڵەکە دادەنرێت، بەشە لادراوەکەی ڕستەکە(پێشانگاکە دەکرێتەوە) بە پەراوێزی شەپۆڵەکە دادەنرێت.

"پایك" لە دیاریکردنی چەقی شەپۆڵ و پەراویزی بەرایی و پەراوێزی کۆتایی لە ڕستەدا پشت بە زانیاری هاوبەشی نێوان ئاخێوەران دەبەستێ، نەك یاسای ڕیزبونی ئەندازەیی ڕستە لەو زمانەدا، کەواتە کامە کەرەستە گرنگترە بەگوێرەی زانیاری

ئاخێوەران و مەبەستی ئاخاوتنەکە ئەو دەبێتە چەقی شەپۆلەکە، ئەمە جگە لەو دەوروبەرەی دەوری ئاخاوتنەکە دەدات، بۆنمونە لە ڕستەیەکی وەك:

-براکەم بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات.

دیاریکردنی چەقی شەپۆل لەو ڕستەیەی سەرەوە بەم جۆرە دەبێت:

ئەگەر هەردو ڕوداوەکە(بەشداریکردنی براکەی لە کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی) و (گەشتی براکەی بۆ دەرەوەی وڵات) لەلایەن هەریەك لە ئاخێوەر و گوێگر یەکسان بو ئەوا پێکهاتە سەربەخۆکە/ڕستە سەرەکییەکە دەبێتە چەقی شەپۆلەکە(براکەم گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات)، بەڵام ئەگەر ڕوداوی گەشتکردنەکە زانراوبو لەلایەن گوێگرەوە ئەوا هۆکاری گەشتکردنەکە(بەشداریکردن لە کۆنفرانس)، کە لاڕستەیەکە لە پێکهاتەی ڕستە ئاڵۆزەکە، دەبێت بە چەقی ڕستەکە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئاراستەی دیاریکردنی چەقی ئاخاوتنەکە بەتەواوی دەگۆڕێت ئەگەر هاتو ئەو ڕستەیە لەلایەن زانیاریدەری سەرەکییەوە نەگوترابێت یان ڕستەیەکی پرسیاری بێت:

پرسیار: براکەت بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی گەشتی دەرەوەی وڵات دەکات؟

وەڵام1: براکەم گەشت ناکات. (لەوانەیە بەشداریکردنەکە ئۆنلاین بێت)

وەڵام2: نەخێر بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانس نییە.

کەواتە گەشت دەکات، بەڵام هۆکاری گەشتکردنەکە ئەوە نییە، ئەوکات چەقی ئاخاوتنەکە هۆکاری گەشتکردنەکەیە، کە"پایك" بە (چەقی دەرنەبڕاو/ شاراوە)ناوی دەبات.(Pike, K.L. and Pike, E.G. 1980: 4 )، دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی چەقی هەر شەپۆلێکی واتایی و پەراویزەکەی لە ئاخاوتندا.

چەمکی شەپۆل لە واتای وشە بەم جۆرەیە: بە بڕوای"پایك" هەر وشەیەك لە فۆڕم و واتا پێك دێت، لەوانەیە لە فۆڕمێك و چەند واتایەك پێکبێت، ئەو واتایانە شەپۆلێکی واتایی دەنوێنن، کە واتا سەرەکییەکە چەقی شەپۆلەکەCentral دەنوێنێت و واتاکانیتر بەپەراوێزیMarginal دادەنرێت لە شەپۆلەکە، "پایك" وای دەبینێت واتای سەرەکی لەزۆربەی کات واتایەکی فەرهەنگییە، بەڵام واتا پەراوێزییەکان لە ڕێگەی دەوروبەرەوە دیاریدەکرێن(Modified by Context)، (ئەوەی شایەنی باسە "پایك" لە دیاریکردنی چەقی شەپۆل لە زنجیرەی واتاییدا ئاماژەی بە ڕێبازی مێژویی و ڕێبازی ئێستایی نەکردوە، هەرچەندە کە ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ ناسینەوەی واتای فەرهەنگی لە واتای دەوروبەر لە زۆر لە وشەکاندا)(حازم کمال الدين 31:2020).

چەمکی ئامراز Particle لەڕوانگەی "پایك"هوە بەمجۆرە ئاماژەی پێدراوە، (هەر ئاخێوەرێك، کە "پایك" بە تێبینیکەر(Observer) ناوی دەبات دەکرێ جیهان وا ببینێت کە لە شت پێکهاتوە، ئەو شتانەش بە ئامراز دادەنرێت و یەکە زمانییەکانیش یەکێکن لەو ئامرازانە، هەمو وشە و مۆرفیم و دەستەواژە و ڕستەکان بریتین لە ئامراز و لە یەکەی بچوکتر لەخۆیان پێکهاتون (include Within them Small Particles)، تێڕوانینی ئامرازی بۆ یەکە زمانییەکان، بۆچونێکی ئێستاتیکی دەنوێنێت و ئەو بۆچونەش ئامرازەکان لە خانەی ئاسۆیی (Rows) و خانەی ستونی(Columns) دادەنێت، بۆ ڕونکردنەوەی تایبەتمەندی هاوبەشی نێوان یەکەکان و بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندییانە یەکەکان پۆل دەکرێن)Pike, K .L 1982:67 )، "پایك" نمونەی هەردو دەنگی/پ/ و /ب/دێنێتەوە، تایبەتمەندی هاوبەشی نێوانیان ئەوەیە لەکاتی درکاندنیان هەردو لێوەکان بۆ یەکتردێنەوە و دادەخرێن، ئەم پۆلکردنە بۆ وشەکانی زمانیش بەهەمان شێوەیە، هەر کۆمەڵە وشەیەك، کە تایبەتمەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە لەژێر ناونیشانێك پۆل دەکرێن.

**ئەنجام:**

1-له شیکردنەوەی تیۆری "چێوەڕێژەکان"دا، جگە لە پێکهاتە و پۆلی پێکهێنی یەکەکان ئاماژە بە ئەرك و ڕۆڵی پێکهێنەکانیش دەدرێت لە ڕۆنانەکەدا، لەرێگەی هەردو خانەی(پێگە و ڕۆڵ)دا.

2-"پایك" لە ڕێگەی بنەماکانی "تاگمیم" لە تیۆری چێوەڕێژەکاندا گریمانەی سێ لایەنیی یەکە زمانییەکان دەکات لەڕوانگەی چەمکی(پڕکەرەوە-Fillers)بۆ(دۆخی تایبەتمەندی-the feature mode) و (دەرکەوتن-Prominence ) بۆ (دۆخی جیاوازی دەرکەوتن-the manifestation mode) و (ئەرك-Function ) بۆ (دۆخی دابەشبون- the distribution mode).

3- "پایك" باس لە هێزی ناوەکی ئاراستەکەر دەکات لای ئاخێوەر، کە هۆکاری کاریگەری بیر و باوەڕی ئەو کەسەیە لەسەر ئاخاوتنەکانی بەمەش بەبێ ئاماژەکردن بە زاراوەی (واتای مەعریفی-Cognitive Semantic)، شیکردنەوەکانی دەچێتە چوارچێوەی لێکدانەوەی زمان لە سنوری زانستی (مەعریفی)دا.

**سەرچاوەکان**


ڕەحمان ئیسماعیل(1998)، پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە-ئیبن ڕوشد-زانکۆی بەغدا.

صباح رشید قادر(2016)، تیۆری چێوەڕێژەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ژ7ی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.

حازم كمال الدين(1973)، نظرية القوالب من النظريات علم اللغة الحديثة, قاهرة.

Bloomfield, L. (1938), Language, New York: Holt.

Cook, W.A. (1969), Introduction to Tagmemic Analysis, Volume 3 in Transatlantic Series in Linguistics. New York: Holt, Rinehart and Winston.

Elson, B. and Pickett, V. (1962), An Introduction to Morphology and Syntax, Summer Institute of Linguistics, Santa Ana, California.

Longacre, R.E. (1965), "Some fundamental insights of tagmemics", Language, 41, pp. 65–76.

Longacre, R.E. (1985), Tagmemics, Summer Institute, Volume 36, number 2 (August 1985).

Longacre, R.E. (1964), Grammar Discovery Procedures: A Field Manual, The Hague: Wilton.

Muqit, A. (2012). Tagmemics: An Introduction to Tagmemics Concepts. OKARA, 7(1).

Pike, K.L. (1912), Linguistic Concepts: An Introduction to Tagmemics, University of Nebraska.

Pike, K.L. (1981), Tagmemics, Discourse and Verbal Art, Michigan Studies in the Humanities.

Pike, K.L. and Pike, E.G. (1980), Grammatical Analysis, Summer Institute of Linguistics.

Pike, K.L. (1967), Language in Relation to a Unified Theory of the Structure of Human Behavior, University of Michigan, Second, Revised Edition, Mouton & CO. the Hague · Paris, Vol32.

Robins, R.H. (1989), General Linguistics: An Introduction Survey, Fourth Edition, London and New York.

Shehdeh, I. F. (1987). Paragraph Structure in Arabic and English Expository Discourse. University of Kansas.

## پەراوێزەکان

[i] - ئەو سەردەمە بۆیە ناونرابو سەردەمی بلۆمفیلدی بەهۆی بڵابونەوەی کتێبەکەی بەناوی (زمان- Language) و بایەخ و گرنگی بیروڕاکانی لەلایەن زمانەوانە ئەمەریکییەکان.

[ii] -ئەو دو زمانەوانە لە کتێبێکدا بەناوی( An introduction to morphology and syntax) باس لە یەکەیەکی شیکردنەوەی ڕێزمانی دەکەن و بە "تاگمیم" ناوی دەبەن، ئامانج لەوکتێبە پێدانی ڕێبەرێکی زانستییە بە قوتابییانی سەرەتایی دەربارەی شیکارکردنی ڕێزمانی زمان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە زانیاریدەرانی ڕەسەنەوە بەدەست هاتون و دواتر پێشکەشکردنی ئەنجامی شیکارییەکە لە شێوەی وەسفێکی تاگمیمیکیدا، لە پێشەکی کتێبەکەیان ئاماژەیان بۆکردوە، کە لە شیکردنەوە ڕێزمانییەکان سودیان لە بیروڕاکانی"پایك"بینیوە"( The techniques of tagmemic descriptions rest on the ideas developed in Pike's Language in Relation to a Unified Theory of the Structure of Human Behavior, Summer Institute of Linguistics)(Velma Pickett and Benjamin Elson213:1962) .

[iii] -"ڕۆبینز"(Robins) لە کتێبەکەی بە ناوی(زمانەوانی گشتی-General Linguistics)باس لە چوار لەو تیۆرانە دەکات، کە ئەوانیش بریتین لە:

| | |
|---|---|
| -تیۆری چێوەڕێژەکان | -Tagmemics Theory |
| -زمانەوانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە | - Transformational Generative Linguistics |
| -ڕێزمانی پەیرەوداری/ڕێکخراوەیی | -Systemic Grammar |
| -زمانەوانی دابەشکاری | -Stratificational Linguistics |

(R.H.Robins1989:278).

4-وشەی ڕێزمانGrammar لە بنەڕەتدا لە ڕێزمانی یۆنانی کۆن وەرگیراوە بۆ ئەو بابەتانەی، کە پەیوەندی بە (پیتەکان/ زمانی نوسراو)هەبوە. ڕێزمان یەکێک بو لەو (هونەرە ئازادانە)، کە لە یۆنانی کۆن و لە ڕۆما لە دەوروبەری سەدەی پێنجەمی پێش زایین دەوترانەوە، هەرچەندە بواری ڕێزمانی لەم کاتەدا بوارێکی لە ئەمڕۆ فراوانتر بو لە لێکۆڵینەوە، لەوانەش ڕەخنەی دەق و جوانیناسی و مێژوی ئەدەبیشی لەخۆ گرتبو. لێکۆڵینەوە ڕێزمانییەکان لە ئەوروپا لە سەدەی ناوەڕاست و دواتریش هەر بەردەوام بو، ڕێزمان لە قوتابخانەکاندا شانبەشانی لۆژیک و ڕیتۆریک دەخوێندرا، کە بە 'تریڤیۆم' ناسرابو. نەریتی خوێندنی ڕێزمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکانی بەریتانیادا تا سەدەی ١٦ سەرهەڵنەدا، تا ئەوکاتە خوێندنی ڕێزمان لە قوتابخانە بە واتای خوێندنی لاتینی یان یۆنانی کۆن بو، نەک زمانە خۆجێیەکان. لەڕاستیدا یەکەم ڕێزمانی ئینگلیزی، نامیلکەی "بولۆکار" بۆ ڕێزمان بو، کە لە ساڵی(١٥٨٦)نوسرابو، بەمەبەستی دەرخستنی ئەوەی، کە زمانی ئینگلیزی لە ڕاستیدا لەسەر بنەمای یاسا بوە و دەتوانرێت بە هەمان شێوەی لاتینی شیکاری بۆ بکرێت. ڕێزمان پێگەی خۆی وەک بابەتێکی جیاواز لە پرۆگرامی قوتابخانەکاندا لەدەستداوە، بەڵام وشەکە بەردەوام بوە (لە ساڵی ١٥٣٠وە بەپێی فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد) بە واتای 'کتێبێک بەکارهاتوە، کە ڕێزمانی زمانێک وەسف دەکات.(Graham Burton2022:1 ).

[v] - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هێزی وشە لە ڕستەدا (بڕوانە: ڕەحمان ئیسماعیل98:1998).

[vi] -کۆمەڵەی ئاوازە چەند وشەیەکە بە پێی پێڕەوی ڕێزمانی لێکدراون، زنجیرەیەکی قسە دەنوین، کە ئەم قسەیەش بەشێوەیەکی ئاسایی هۆنراوەتە بەرهەم، بەهیچ جۆرە گۆڕان و وەستانێك نەشڵەژاوە. وشەی فرە بڕگەش کۆمەڵەی ئاوازەیەك پێك دەهێنی و هەر کۆمەڵەیەکی ئاوازە بەلای کەمی بەیەك لوتکەی دەرکەوتن دەستنیشان دەکرێ، بەشێوەی جوڵانەوەی بڕگەی هێزدار (Nucleus Pitch Movement)(ڕەحمان ئیسماعیل115:1998).

7-"پایك"، بۆ ئاماژەکردن بەو پێڕەوەی چەمك و ڕوداو و وێناکردنەکان زاراوەی(The Referential Structure )، بەکاردینێت، ئەمەش یەکەیەکی فراوانترە لە یەکەی واتایی (Semantic Unit).